له بڵاو كراوەكانى ماڵپەڕى بەهەشت

# بێ ئاگايى هەتا كەى؟

## إلى متى الغفلة؟

وەرگێڕانى بەدەستكاريەوە

پشتيوان حسن

چاپى چوارەم ١٤٣٥ كۆچى

---

ماڵپەرى بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكى ئيسلامى زانستى پەروەردەيى يە و لەپێناو بڵاوكردنەوەى ئەو ئيسلامەيە كە سەلەفى صالّح - پێغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانى (رضي الله عنهم) لەسەرى بوون - وە سەر بە هيچ گروپ و لايەنێكى حيزبى نيە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خوای گەورەومیهرەبان

# پێشەکی

**الحمدُ لله ربِّ العالمين, والعاقبة للمتقين, ولاعدوان إلاّ على الظالمين, والصلاة والسلام على سيد المرسلين, وقائد الغر المحجلين, وعلى آله وصحبهِ أجمعين, أما بعد.....**

بێ ئاگایی دەردێکی زیانبەخش وبەئاکامە, نەخۆشیەکی ترسناك وسامناکە, زاڵ دەبێ بەسەر دڵەکانداو لەناخ ودەروونەکاندا جێگیردەبێ ودەنیشێتەوە, پاشان ئەندامەکان وجەستەش کۆت وبەند دەکات.

زۆربەی خەڵکی ئەمڕۆ لە بێئاگاییەکی ڕاستەقینەدا دەژین لەخوا وڕۆژی دوایی, ڕازاوەیی ژیانی دونیا تووشی فیتنەیانی کردووە, هیوادرێژی هەڵی خەڵەتاندوون, سەرمەشق وڕێپیشاندەریان بووەتە هەواوئارەزوو شەیتان ونەفسی بەدفەرمان, لەگەڵ ئەوەشدا وادەزانن شتێکی چاك ئەنجام دەدەن!!

## خوێنەری یەکخواپەرست !

کەی لەم بێئاگاییەت بەخەبەردێیتەوە؟ کەی لەم خەوەت هەڵدەستی؟ کەی دەگەڕێیتەوە بۆ بێداری وهۆش وژیری؟ کەی چاك دەبیتەوە لەگەڵ پەروەردگارت؟ کەی چاولێکەری پێغەمبەرەکەت دەبیت (صلى الله عليه وسلم)؟ کەی ئیش بۆ دوارۆژت دەکەیت؟

ئایا نازانی -بەڕێز- کە بێئاگایی بریتیە لە کوشتنی کات لە بەتاڵیدا وڕاهێنانی نەفسە لەسەر ئەو شتانەی کە حەزی لێیەتی وئارەزووی دەکا؟ خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ ۝١ ﴾ (الأنبياء: ١)واتە: کاتی حیساب ولێپرسینەوەی مەردم لەکاروکردەوەیان نزیك بۆتەوەو ئەوانیش لەغەفلەت وبێئاگاییدان لەو ڕۆژە, ڕوو دەسوڕێنن وگوێیان لێی نیە, لەوە داناچەڵەکێن کەخوا پێیان دەکات!

## بێئاگایی زۆربەی خەڵـك

پێشەوا ابن قیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: " ئەگەر بیربکەیتەوە لەحاڵی ئەم خەڵکە دەبینیت هەموویان مەگەر کەمتر لەکەمێکیان نەبێت دڵەکانیان بێئاگایە لەیادی خوا, شوێنی ئارەزوویان دەکەون, بۆیە کاروباریان بووەتە هەڵەشەیی وکەمتەرخەمی, واتە کەمتەرخەمن لەوەی سوودیان پێدەگەیەنێت وبەرژەوەندیانی تێدایە, بەڵکو سەرقاڵن بەوەی سوودیان پێناگەیەنێت وبەزەرەیان دەشکێتەوە ئێستا یان دواتر".

بینیت کە چۆن زۆربەی خەڵك لەخوا بێئاگان ! و شوێنکەوتەی حەز و ئارەزووەکانیانن, وکەمتەرخەم وبێئاگان لە کاروباری دینی خۆیان بەڵام بۆ کاری دونیایی زۆرزان و ڕۆچوون تێیدا, خوای میهرەبان دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ ١٠٣ ﴾ (**یوسف**) واتە: زۆربەی خەڵك, هەرچەندە تۆ زۆر سووریش بی وتێبکۆشی بۆباوەڕهێنانیان, ئەوان هەر باوەڕناهێنن.

یان دەفەرموێت: ﴿ وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ﴾(**الأنعام**:١١٦).

واتە: ئەگەر لەزۆربەی خەڵکانی ئەم سەرزەویە, کەبێباوەڕن, گوێڕایەڵی وپەیڕەوی بکەیت ئەوا لە ڕێگەی خوا لات دەدەن وچەواشەو سەرلێشێواوت ئەکەن.

وە هەروەها دەفەرمویێت: ﴿ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ﴾ (یونس: ٩٢)واتە: بێگومان زۆربەی خەڵکی لەنیشانەکانی ئێمە بێئاگا وغافڵن.

بەڵام ئایا بێئاگایی ئەو خەڵکە لە خواو ڕۆژی دوایی بەڵگە وپۆزشە بۆیان؟ نەخێر...بەڵگە نیە بەدەستیانەوە, بەڵکو بەڵگەیە لەسەریان, چونکە خوای بەڕەحم پێغەمبەرانی ڕەوانەکردووە ئەوانیش خەڵکیان بانگ کردووە بۆپەرستنی خوا بەتاك وتەنهایی, و وازهێنان لە بێئاگایی وڕێچکەکانی گومڕایی, وەهەروەها پەرتووکیشی دابەزاندووە کەتێیدا وریایی دەداتە خەڵك لەبێئاگایی وبێداریان دەکاتەوە.

خوای پەروەردگار دەفەرمویێت: ﴿ وَٱذْكُر رَّبَّكَ فِى نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ ٱلْجَهْرِ مِنَ ٱلْقَوْلِ بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْءَاصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْغَٰفِلِينَ ﴿٢٠٥﴾ ﴾ (الأعراف:٢٠٥).واتە: بەلارەملی وبەترسەوەو بەنهێنی ولەسەرخۆ, هەمیشە گەورەیی خوای پەروەردگارت یادبکە, وە هەموو بەرەبەیان ودەماودەمی ئێوارانێك وهەرگیز لەبێئاگایان مەبە.

بۆیە لەسەر بەندە پێویستە کە هەرکات چووە حاڵەتێکی بێئاگاییەوە یادی خوابکات وسووربێ لەسەری, بەو شێوەیە وەکو جەنگاوەرێکی لێدێت لەنێو ڕاکردووەکان و زیندوویەك لەنێو مردووەکان".

## سـزای ئەوانەی بێئاگـان

ئەو کەسانەی کەبێئاگان و بەو شێوەیە ژیان دەگوزەرێنن, چەند سزایەکی دونیایی وقیامەتیان بۆ هەیە:

- خوای گەورە هەواڵمان دەداتێ سەبارەت بەوەی کە سزا دونیاییەکان بەهۆی بەدرۆخستن وبێئاگاییەوەیە, بۆیە دەربارەی گەلی موسا کاتێ باوەڕیان پێ نەبوو و ئازارياندا دەفەرموێت: ﴿فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ فَأَغۡرَقۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡيَمِّ بِأَنَّهُمۡ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُواْ عَنۡهَا غَٰفِلِينَ ١٣٦﴾(الأعراف:١٣٦) .

واتە: ئێمەش تۆڵەمان لێ سەندن ولە دەریای نیلدا نقومان کردن وخنکان, لەبەر ئەوەی ئایەت وموعجیزەکانی ئێمەیان بەدرۆ دانـاو غافڵ وگێل وبێئاگاش بوون لێیان، بۆیە هەولی بەدرۆخستنەوەیان دەدا.

- خوای گەورە دۆزەخی-کە جێگای سزا قیامەتیەکەیەتی- گێڕاوە بە دوامۆڵگە ونشینگەی ئەوانەی بێئاگان, دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ ذَرَأۡنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِۖ لَهُمۡ قُلُوبٞ لَّا يَفۡقَهُونَ بِهَا وَلَهُمۡ أَعۡيُنٞ لَّا يُبۡصِرُونَ بِهَا وَلَهُمۡ ءَاذَانٞ لَّا يَسۡمَعُونَ بِهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ١٧٩﴾ **(الأعراف)** واتە: زۆرێکمان لەجنۆکە وئادەمی بۆ دۆزەخ بەدی هێنا, دڵیان هەیە، کەچی هەقی پێ وەرناگرن وتێ

ناگەن لەهەق وچاویان هەیە، کەچی دەسەڵاتی خوای پێ نابینن وە هەستی بیستنیان هەیە, بەڵام پێی نابیسن, ئەمانە وەك ئاژەڵ (مەڕ وبزن و وشترو گا)ن بەڵكو لەئاژەڵیش وێڵتـرن, ئەوانەن غافڵ وبێئاگا لەئایەتەكانمان.

ئەم ئایەتە ڕوونی دەكاتەوە كە سەرەنجام و دواشوێنی بێئاگایان بریتیە لە دۆزەخ كە خراپترین چارەنووسە, چونكە ئەوانە سوودیان لە هەست وئەندامەكانیان وەرنەگرت, بەڵكو خستیانە خزمەت دونیاو سەرپێچی خوایان پێدەكرد, هەڵنەسان بە پێدانی مافی شوكرانە بژێری پێیان.

دڵیان هەیە بەڵام دڵانێكی ڕەقە وهیچ ئومێدێكی لێناكرێ, ناهەژێ ونەرم نابێت, سوودوپەند لەهیچ ئامۆژگاری ووتارێكی ترس ئامێز وەرناگرێ, وەكو بەردە بەڵكو ڕەقتـر !!

وە چاویشیان هەیەو ڕووكەشی شتەكانی پێ دەبینـن, بەڵام حەقیقەت وناوەخنی ڕاستیەكانی پێ نابینـن, ناتوانن جیاكاری بكەن پێی لەنێوان شتانی سوودبەخش وزیانبەخش.

وە گوێیشیان هەیە بەڵام شتە پووچ وبەتاڵەكانی پێ دەبیسن و گوێ ڕائەدێرن بۆ درۆو گۆرانی وغەیبەت وفیتنەیی, سوودی لێ وەرناگرن بۆ بیستنی حەق و ڕاستی كە بریتیە

لە کتێب وفەرمایشتی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی(صلی الله علیه وسلم) وئەوەشی لەوانەوە هەڵدەهێنجرێن.

ئای سەرکەوتن وئاسوودەیی لەوانەوە چەند دوورە کە ئەوە حاڵیان بێت ...... ڕێنموونی ودامەزراوی لەسەر دین چەند دوورە لێیانەوە کەئەوە ڕێبازو ڕێچکەیان بێت.

- خوای پەروەردگار دەفەرمویێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَٱطۡمَأَنُّواْ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ٧ أُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ٨﴾ (یونس).

واتە: بێگومان ئەوانەی وا لە ڕۆژی قیامەتدا ئومێد وبڕوایان بە دیدار ولیقای ئێمە نیە وبۆ خۆشیان بەم ژیانی دونیایە-لەجیاتی دوارۆژ- ڕازین وپێی دڵنیان (واتە پاڵیان پێوە داوە وادەزانن هەتاهەتایە تێیدا دەمێننەوە), وە ئەوانەش کەلە نیشانە وئایەتەکانی ئێمە بێئاگان جێ وشوێنی ئەوانە گشت هەر ئاگری دۆزەخە ، بە هۆی ئەو کارە خراپانەوە لەدونیادا کردویانن.

- وە هەروەرها سەبارەت بە سزای بێئاگایان لە دۆزەخدا دەفەرموێت:﴿وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ

مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٩٧﴾ إِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ حَصَبُ
جَهَنَّمَ أَنتُمۡ لَهَا وَٰرِدُونَ ﴿٩٨﴾ ﴾ (الأنبياء) .

واتە: ئەوسا ئیتر بەڵێنە ڕاست ودروستەکەش "بۆهاتنی قیامەت" نزیك دەبێتەوە ، واتە: هەر یاجوج وماجوج لەو جێگای خۆیانەوە هاتنە دەرێ ئەوە ئیتر قیامەتیش نزیکە, ئەوسا ئیتر چاوی ئەوکەسانەی کە خوانەناس وبێبڕوان ئەبلەق ئەبێ و, لەجێی خۆی ناجولێ, واتە لەبەر نارەحەتی ئەو ڕۆژە چاویان بۆ ناترووکێ, هاواریان لێ بەرز ئەبێتەوە وئەڵێن: ئەی تیاچوو خۆمان ! بەڕاستی ئێمە لەغەفلەت وبێئاگاییدابووین لەم ڕۆژە, نەك هەر بێئاگا بەڵکو ستەمکاریش بووین لەخۆمان, بێگومان ئێوە وئەو شتانەش لەجێی خوا ئەتانپەرست گشت دەبنە دار ودەوەن وسووتەمەنی دۆزەخ هەردەبێ لەگەڵ بتەکاندا بچنە نێویەوە.

- خوای گەورە هەواڵمان ئەداتێ دەربارەی ئەوەی کە هەرکاتێك بێئاگایی باڵی کێشا بەسەر دڵداو تێیدا حوکمی کرد سەردەکێشێ بۆ ڕازی بوون بە کوفرو بێباوەڕی و دڵ ئاسوودەبوون پێی, و داخستنی هەموو دەرگاکانی ڕێنموونی, و مۆرکردن وهەڵگەڕانەوەی دڵ-پەنا بەخوا- کەبەو هۆیەشەوە هەرگیز پشتیوان وسەرکەوتوو نابێ بۆ گەڕانەوەو هیدایەت وەرگرتن, خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ
إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرًا

فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١٠٦﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسۡتَحَبُّواْ
ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا عَلَى ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٠٧﴾
أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَسَمۡعِهِمۡ وَأَبۡصَٰرِهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلۡغَٰفِلُونَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ (النحل).

واتە: هەرکەسێك پاش بڕواهێنانی بەخوا کافرو بێباوەڕ بێتەوە بێگومان سزای توند دەدرێ ودەکەوێتە بەر قین وتوڕەیی خواوە مەگەر کەسێك زۆری لێکرابێ ولەو کاتەشدا دڵنیابێ بەئیمان, بەڵام کەسێك بەپێخۆشبوونی خۆی سنگی بۆکوفر فراوان وگوشاد بکاو کوفرەکەشی پێ خۆشبێ ،ئەوە قارو توڕەیی خوایان لەسەر دەبێ وسزایەکی گەورەشیان لەدواڕۆژدا بۆهەیە, چونکە ئەوان ژیان وگوزەرانی ئەم دونیایەیان هەڵبژارد بەسەر پاشەڕۆژدا, وە هەڵبژاردنی دونیا بەسەر دواڕۆژدا کافربوونە, بێگومان خواش خەڵکانی کافر وبێباوەڕ شارەزاو ڕێنوێن ناکات بۆسەر ڕێی ڕاست, ئەمانە ئەو کەسانەن کەخوا مۆری بەدبەختی بەسەر دڵ وگوێ وچاویاندا ناوە ،ئیتر هەق وناهەق لەیەك جیاناکەنەوە وەئەوانە غافڵ وبێئاگایشن, گوێ بەهیچ شتێك نادەن.

# بێئاگایی هۆکاری هەموو خرا پەیەکـە

ئەگەر بەندە تێڕابـمـێنـێ لەو هەموو تاوان وسەرپێچیەی کە ڕوودەدات, وە لەو بەڵاونەهامەتیەی کە دادەبەزێت, وە لەو خێروبەرەکەتەی کەهەڵگیراوە, وەیاخود ئەو ڕەوشتە نەشازو ناپەسەندانەی کە دێنەکایەوە وسەرهەڵدەدەن, دەبینی تەنها بێئاگایی هۆکارەکەیەتی وهاندەر وپاڵنەرێتی ،وە بەتایبەت ئەگەر هاوکات وپەیوەست بێـت لەگەڵ حەزوئارەزوودا.

پێشەوا ابن قیم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: " کاتێك کە بێئاگایی لەخواو ڕۆژی دوایی هاوکات وپەیوەست دەبێت بە شوێنکەوتنی حەز وئارەزووەوە هەموو شتێك لەنێوانیاندا لەدایك دەبێت ودروست دەبێت, وە زۆر جاریش یەکتردەگرن وجیانابنەوە لەیەکتر. وەئەوەی لە خراپی وتێکچوونی حاڵی ئەم دونیایە ورد بێتەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆی دەردەکەوێ کە هەمووی دەرهاویشتەی ئەم دوو بنچینەیەیە کەبریتین لە : بێئاگایی و شوێنکەوتنی ئارەزوو :

بێئاگایی دەبێتە لەمپەرێك لەنێوان بەندەو تێگەیشتن و زانینی حەقدا ،وای لێدەکات کەحەق نەناسێت ، بۆیە دەبێتە یەکێك لە گومڕاکان. بەڵام شوێنکەوتنی ئارەزوو دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەندە شوێنی حەق نەکەوێت ، بۆیە دەبێتە یەکێك لەوانەی کە تووڕەی خوایان لەسەرە".

# نیشانەكانی بێئاگـــایـی

خوێنەری خۆشەویست بێئاگایی چەند نیشانەیەكی هەیە, جا هەركاتێك یەكێك لەونیشانانەت هەست پێكرد لەخۆتدا ئەوا بزانە كەلە مەترسیدایت, ولێپرسینەوەی خۆت بكە وفریای ئەوە بكەوە كەلەدەستت چووە, وەدەست بكە بەبەرەنگاربوونەوەی ئەم نیشانانە بەڕێگەی شەرعی ودروست بۆئەوەی هەتاهەتایە ڕزگارت بێت. لەو نیشانانەش:

١- هاوبەش بڕیاردان بۆخوا, كەلە گەورەترینی نیشانەكانی بێئاگاییە.

٢- بێباوەڕی ودووڕوویی.

٣- ئەنجامدانی كارە قێزەونەكانی وەك زیناو نێربازی وخواردنەوەی مەی وجگە لەوانەش.

٤- لەدەستدانی نوێژەكان ونەكردنی لەكاتی خۆیداو لەمزگەوت بەكۆمەڵ.

٥- كەم یادكردنی خوا.

٦- كەم خوێندنی قورئان.

٧- وازهێنان لە دوعا وپاڕانەوەو ڕووكردنە خوای گەورە.

٨- خۆشویستنی دونیاو هەوڵ ولێبڕاوی بۆ كۆكردنەوە وهەڵگرتنی.

٩- خۆچوواندن بە دوژمنانی خوا لەجل وبەرگ وشێواز و ڕێچكەیاندا.

١٠ - هاوڕێیەتی كردنی كەسی خراپ وئەوانەی خوا یادت ناخەنەوە.

١١- کات بەسەربردن لەشتی پڕوپووچ وبێسوودا.

١٢- زۆر خواردن وخواردنەوەو خەوتن وتێکەڵاوی, چونکە سەردەکێشێ بۆ خراپبوونی دڵ وتەمەڵی ئەندامەکان لە پەرستش.

١٣-گوێگرتن لەگۆرانی وسەیرکردنی کەناڵە ژەهراویەکانی فەساد.

١٤- خۆنەپاراستن لە حەرام وحەڵاڵ.

١٥- ئەنجامدانی حەرامکراوە ڕووکەشیەکانی وەك: بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەرو جگەرەو شەرواڵ شۆڕی (پیاوان)و ڕیش تاشین و, سفوری ئافرەت ودەرچوونیان بۆ شوێنان بەجوانی وڕازاوەیی و بۆنداری وجگەلەمانەش.

**يا أسير الغفــلات**

قد مضى العمر وفات    يا أسيـر الغفـــلات

حصّـل الزاد وبـــادر    مسرعاً قـل الفـــوات

فإلى كـــم ذا التعامي    عن أمورٍ واضحــات

وإلى كـم أنت غارق    في بحـار الشهـــوات

لـم يلن قلبـــك أصلاً    بالزواجر والعظـــات

بينمـا الأنسان يُسـأل     عن أخيه..قيل مـات

وتــراه حـملـــــوه     سرعــةً للفلـــوات

أهلهُ يبكــوا عليـــهِ     حســـرةً بــالعبـــرات

أين من قد كـان يفـ     خر بالجياد الصافنـات

ولــهُ مــالٌ جزيـــلٌ     كالجبـال الراسيـــات

سار عنها رغـم أنــفٍ     للقبور الموحشـــات

فاغنم العمـر وبـادر     بالتقـى قبـل الممـــات

وأنب وارجع واقلـع     عن عظيـم السيئـات

واطلب الغفـران ممن     ترتـجى منه الهبــات

ثم نادِ في الدياجـي     يامـجيب الدعـــوات

اعـف عنا يا رحيمـاً     وأقــلنـا العثـــرات

واتە: ئەی یەخسیری بێئاگایی وا تەمەن ڕۆیشت ولەدەست دەرچوو .... هەستە توێشوو کۆبکەرەوە بەخێرایی پێش ئەوەی بمریت.... هەتا کەی بێئاگای لە کاروکردەوەی ڕوون وئاشکرای شەرع.... وەهەتا کەی نغرۆ بویتە لەدەریای ئارەزووەکان.... هەرگیز

دڵت نەرم نابێ بەپەندو ئامۆژگاری.... لەکاتێکدا مرۆڤ پرسیار دەکا سەبارەت بەبراکەی وەڵامی دەدەنەوە بەوەی کە مردووە.... دەبینی هەڵی دەگرن بەرەو گۆڕستان.... کەس وکاری بۆی دەگرین وبەئاخ وسوێن بۆی.... کوا ئەو کەسەی کەشانازی دەکرد بە کەس وکارو لەشی خۆی.... ماڵ ودارایییەکی زۆری وەکو شاخەکانی هەبوو.... کەچی ئێستا بەناچاری بووەتە خۆراکی گۆڕو تەنهایی..... دە بگەڕێوەو پەشیمان بەرەوەو وازبێنە لەتاوان وگوناھ..... داوای لێخۆشبوون بکە لەو خوایەی کە ئومێدی لێ دەکرێت..... پاشان بانگی بکەو لێی بپاڕێرەوە لەشەوەزەنگی تاریکیدا وبڵێ ئەی وەڵامدەرەوەی داواکان.... بمانبوورە ولێمان خۆشبە ئەی بەسۆز وبەبەزەیی ومیهرەبان....

وە شاعیرێکی کوردیش سەبارەت بە بێئاگایی دەڵێت:

لەناکەس کارییا, خاکم بەسەر, ڕۆیـی بەبـا عومرم

خودا! تـــۆ بـمژێنە تا لەبـــەر قاپی کەسێ دەمـــــرم

بە زایع چوو لە(مالا یعنی)یا وەقتم هەمووو, یەعنی

دەبێ وەقتێ لە(بو الوقت)ێ بـخوازم دا تیا بـمـرم

ئەجەل دەورم دەدا: حازربــــە وادەی دەورو تــــەسلیـــمــە

منی غەفڵەت زەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم

خەیاڵی پووچی دنیـا وا دەمـــاغ ودڵمـی پێـچـــــاوە

قیامەت, هەر مەگەر ڕۆژی قیامەت بێتـــەوە فکـــرم

**(زیادکراوی وەرگێڕ)**

❂❂❂❂❂❂

## ماڵــی بێــئاگا

ئایا خوێنەری بەڕێز ئەم ماڵە دەزانی چیە؟

**ئەوە ماڵێکی** تاریکە وەکو گۆڕ ... هەرچەندە ڕازێنرابێتەوە بەگرانبەهاترین ڕاخەرو ئامێرو پێداویستی.

**ئەوە ماڵێکە** پڕە لەخراپەکاری وسەرپێچی ئاشکرا لەدینی خوادا.

**ئەوە ماڵێکە** شەیتان هێلکەی تێدا داناوەو بێچووی هەڵهاتووە ... لەگەڵیاندا بەیانی ونیوەڕۆو ئێوارە بەشدارە.

**ماڵێکە** گرنگی نادرێ تێیدا بە پەروەردەی منداڵەکانیان لەسەر داوێنپاکی و ڕەوشتی بەرزو جوان.

**ماڵێکە** گرنگی نادرێ بەکاتەکانی نوێژ, نیوەڕۆ لەگەڵ عەسردا دەکرێت, مەغریب لەگەڵ عیشادا دەکرێت, ئەوە نوێژی بەیانی هەر مەپرسە !

**ماڵێکە** پڕە لە هۆکاری بڵاوبوونەوەی خراپەکاری و بانگەشە بۆ نەنگی و ئاکاری ناباو.

**ماڵێکە** پڕە لە وێنەی هەڵواسراوی گیان لەبەر ومرۆڤ و پەیکەرو هاوشێوەکانی.

**ماڵێکە** شەوانی تەرخانکراوە بـۆ سەیرکردنی ئەوەی کە دەبێتە هۆی توڕەبوونی خوا, ڕۆژەکانیشی بۆ خەوتن و پشوودان و لەدەستدانی فەرزو واجباتەکان.

**ماڵێکە** تێکەڵاوی کوڕوکچی نێوان خزمان و دراوسێکانی تێدا ئەنجام دەدرێت.

**ماڵێکە** زیادەڕۆیی تێدا دەکرێت لە خواردن وخواردنەوەو کەلوپەلدا.

**ماڵێکە** کۆڕو مەجلیسی غەیبەت ودرۆ و گاڵتەکردن وسووکایەتی بەناموسی خەڵکی وبەندەکانی خوای تێدا دەکرێت.

**ماڵێکە** کە خزمەتکارو شۆفێرو ئەندامەکانی بەکوڕوکچەوە بەتەنها دەکەون لەپێچ وپەناو شوێناندا.

**ماڵێکە** گوێبیستی دەنگی بەرزی گۆرانی دەبیت و دووکەڵی جگەرە ونێرگەلەی تێدا بەرزدەبێتەوە.

**ماڵێکە** گوێبیستی قورئان نابیت کە بخوێندرێت, یان زیکرویادی خوا, نەفەرمان بەچاکەو نە نەهی لە خراپە.

**ماڵێکە** داب ونەریتی تێدا بەپیرۆز ڕادەگیرێت وگرنگی دەدرێت بە مۆدێلی جلوبەرگی پێچەوانەی شەرع, ئافرەتەکانی ڕاهاتوون بەپۆشین ولەبەرکردنی جلی ڕازاوەو تەسك و تەنك و کراوەو کورت بەرانبەر بە نامەحرەم, پیاوانیش بەیاری کردنی وەرەق ودۆمینە وشەترەنج و پۆشینی ئاڵتون وئاوریشم و لووتبەرزی نواندن بەرانبەر بەندەکانی خوا.

**ماڵێکە** تێیدا ئازاری دایك وباوك دەدرێت و سیلە وپەیوەندی ڕەحم ناگەیەنرێت.

**ماڵێکە** هەتیوی تێدایەو ئەشکەنجەی دەدرێت ومافی نادرێتێ.

**ماڵێکە** غەش وخیانەتی تێدا دەکرێ لەموسڵمانان و ئامۆژگاری تێدا نیە.

**ماڵێکە** سەرۆك وسەرگەورەی نیەو هەموو بەویستی خۆی هەڵسوکەوت دەکات.

**ئامان ئەی خوێنەری چاکەخواز** ماڵەکەت یەکێك نەبێت لەو ماڵانەو لەوانیش نەچێت.

**بەڕاستی ماڵی موسڵمان** جیاوازە لەوانە

**ماڵی** پاکی وپاکداوێنیە....

**ماڵی** ڕێزو وەفاوپیاوەتیە....

**ماڵی** ناوەندگیریە وزێدەڕۆیی نەکردنە لەشتەکاندا....

**ماڵی** زیکروقورئان خوێندنە....

**ماڵی** نوێژو ڕۆژووە.....

**ماڵی** زانست وزانینە.....

**ماڵی** چاکەکردن وسیلەی ڕەحمە....

**ماڵی** تەقواو خواپەرستیە.....

**ئاوها ماڵێك** دەروونت هەست بەئاسوودەیی دەکات لەجەنجاڵی و ژاوەژاوی دونیا.

# بــانگـــێك له كانگای دڵــەوە

ئەی بێئاگا.... ئەی ئەوکەسەی کە لەسەر ڕێگەی بێئاگایی و کات کوشتنی... ئەی ئەو کەسەی کە گوێ نادەی بەحەڵاڵ وحەرام, ئەمرو نەهی, گوێڕایەڵی وسەرپێچی, چاکەکاری وخراپەکاری.

هەرکاتێك حەزو ویستت ئارەزووی شتێك بکات ئەنجامی دەدەی.... وە هەرکاتێك چاوت تامەزرۆی بینیــنی نامەحرەمێك بکات ڕووی بۆ وەردەگێڕی.... وە هەرکە دەستت ئارەزووی بەرکەوتنی حەرامێك بکات ئەنجامی دەدەی.... وە قاچەکانت حەزیان لە ڕۆیشتن بێت بۆ شوێنێکی نەشیاو پێیان دەڕۆیت.... ورگت حەزی بەخواردنی تەنانەت حەرامێکیش بێت خۆپارێزی ناکەی !!

ئایا شەرم ناکەی لەبینینی خوا بۆت؟

ئایا لە تۆڵەو سزای خوا ناترسی؟ کەبەڕاستی سەختە: ﴿ إِنَّ أَخْذَهُۥٓ أَلِيمٌ شَدِيدٌ ﴾ (هود:١٠٢). واتە: بەڕاستی سزاو گرتنی خوا ئێش پێگەیەنەرو بەهێز و توندە.

وە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت" **إنّ اللّهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ حَتّى إِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ** "(رواه مسلم)

واتە: خوای گەورە مۆڵەتی ستەمکار دەدات هەتا دەیگرێ ولەناوی دەبات بەشێوەیەك کەلە دەستی دەرناچێت.

### ئەی براو خوشکانی داوێنپاك !

هەتا کویێ دەتەوێ برۆی لەم ڕێگەی بێئاگاییەدا وپشت کردنە پەروەردگارت ؟

ئایا هەست بە نامۆیی وزۆری تاوان و گوناه ناکەیت؟

ئایا ناتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ لای پەروەردگارت؟

ئایا غیرەت ناتگرێ کە دەبینی بەندەکانی تری خوا پێشبڕکێیانە لە خواپەرستیداو تۆش نوقمی تاوان وسەرپێچی بوویتە و بەخسیری ئارەزووەکانتی؟

ئەی لەخۆبایی! هەڵمەخەڵەتێ بە لێبوردن وچاوپۆشی خوایی بۆت, چونکە تۆ تۆڵەوسزا نابینی وهەست پێناکەیت لەسەر تاوانەکانت, دوور نیە لە ئایندەیەکی نزیکدا سزای تاوانەکانت بچێژیت, وە لەوانەیە سزابدرێیت بەهۆی تاوانەکانتەوەو هەستیشی پێ نەکەیت, ئایا نازانی کە ڕووکردنە تاوان وئانجامدانی گوناه خودی سزای تاوانەکانتە؟

ئایا نازانی کە پشت کردنە خواپەرستی و نەکردنی چاکە سزای تاوانەکانتە؟

ئایا نازانی کە بێئاگاییت لە خوا لەگەورەترینی سزاکانە؟

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَن يَعۡمَلۡ سُوٓءٗا يُجۡزَ بِهِۦ﴾ واتە: ئەوەی خراپەوگوناه بکات دەبێــت ئاکامی بچێژێت.

- ئەوە باوکە ئادەمە(علیه السلام) کە بەهۆی پارووپەکەوە لە بەهەشت دەرکرا !!

- ئەوە یونس پێغەمبەرە(علیه السلام) کە ڕۆیشت وئیزنی خوای وەرنەگرت, خرایە ناو دەریاوەو نەهەنگ قووتی دا !!

- یەکێ لە خواپەرستان سەیری گەنجێکی بێ تووکی کرد, مامۆستاکەی پێی ووت: ئەم سەیرکردنە چیە؟ دەبێ سزاکەی بچێژیت, دوای چل ساڵ قورئانی بیرچوویەوە !!

- هەندێ لە پێشینان وتوویانە: عەیبەم لە کەسێك گرت کە هەندێ لە ددانەکانی نەمابوو, کەچی دواتر هەموو ددانەکانم هەڵوەری!! وە سەیری ئافرەتێکم کرد کە حەڵاڵ نەبوو بۆم, سەیری خێزانم کرا !!

- ابن سیرن دەڵێت: باسی پیاوێکم کرد بە نەبوونی, خۆم ئیفلاس بووم !

**خوێنەری خۆشەویست:** ئەوانە پێغەمبەران وخواپەرستان وزانایانن کەهەندێك جار بێئاگایی ڕووی تێیان کردووە کەچی لێیان نەبووراوە, زوبەزوو پاداشتەکەیان وەرگرتووە.

ئەی تۆ لە چ حاڵێکدای لەکاتێکدا بێئاگایی ڕەگی کووتاوە لە دڵتدا؟ پەیوەست بووە پێتەوە؟

لەگەڵ ئەوەشدا تۆ لەو خەڵکانەی کە تووشی لەخۆبایی بوون بویتە.... وات داناوە کەهەرچی دەکەیت لە تاوان وگوناهـ وسەرپێچی وپاشان بەساردیەکەوە بڵێیت : خوایە لێم خۆشبە بەدڵێکی بێئاگاوە, یان دووڕکات نوێژت کرد, هەرچیت کردووە دەڕوات و خراپەکانت دەگۆڕێت بە چاکە؟ نەخێر ئەمە لەخۆبایی بوونە وسوودت پێناگەیەنێت, چونکە خوا هەرچی پێناخۆش بێ تۆ ئەنجامی دەدەیت, کەچی تۆش هەرچیت پێخۆش بێت دەتەوێت خوا پێتی بدات !

## ئـــامۆژگـــاری

بەڕێزان ! وەکو دڵمـان نەبێت وایە, وەکو بڵێی ئەم قسانە بۆ جگە لە خۆمان دەکرێت...

- خۆشەویستان! پەپوولە سلێمانکە کەمێك لای پێغەمبەر سولەیمان(علیه السلام) غایب بوو, سولەیمان وتی: ﴿ لَأُعَذِّبَنَّهُۥ ﴾ واتە دەبێت سزای بدەم. جا لەو کەسەی کەبەدرێژایی ژیانی غایب وپشت لەخوایە..... ئایا ناترسی لەسزاو تووڕەبوونی خوا.

- موسا(علیه السلام) سێ جار ڕاجیاوازی هەبوو لەگەڵ خضردا لە هاوڕێیەتیەکەیدا, کەچی خچر پێی وت : ﴿ قَالَ هَٰذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ ﴾ (**الكهف**:٧٨) واتە: خدر وتی جا ئێستا لەیەکتر جیادەبینەوە. ئەی ئەو کەسەی کەچەندین جار سەرپێچی خوا دەکەیت ناترسی پێت بووترێت لە خوا جیابەرەوە؟
- حەسەنی بەصری کەسێك بوو کە زۆر دەترساو دەگریا, لۆمەیان کرد لەسەر ئەوە ئەویش وتی: کێ دڵنیام دەکات لەوەی ئەگەر خوا سەیری تاوانەکانم بکات وبفەرموێت: بــڕۆ لێــت خۆش نابــم !

## ساتــێك لەگەڵ ئەوانەی یــادی خــوادەکەن

**خوێنەری ئازیز!** پێشینەچاکەکان حاڵێکی تریان هەبوو, ئەوان بەبەردەوامی خوا لەیادیان بوو هەمیشە لە پەرستنیشدا بوون, و تێکۆشانێکی بەردەوامیان دەکرد بەرانبەر دوژمنانی خوا, کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەترسان لەوەی لێیان وەرنەگیرێت وبدرێتەوە بەسەریاندا !!

- حەسەنی بەصری بەلای گەنجێکدا تێپەڕی کە جلێکی جوانی لەبەردابوو, کە پێی سەرسام بووبو, حەسەنی بەصریش دەڵێت: ئەی نەوەی ئادەم تۆ سەرسامی بە گەنجێتیەکەت, سەرسامی بە جوانیەکەت, کەچی گۆڕ جەستەت دادەپۆشێت ودەگەیت

بەکردەوەکانت و ڕووبەڕویان دەبیتەوە, هاوار بۆتۆ چارەسەری دڵت بکە, چونکە ئەوەی خوا ئەیەوێ لە خەڵك چاکبوونی دڵەکانیانە.

- وەلە وتەیەکی تریدا دەڵێت: نەوەی ئادەم ئیزنی پێدراوە بەکۆچ کردن(مردن) کەچی ئەوان لەسەرەتایانەوە تا کۆتاییان دانیشتوون خەریکی یاریکردن و خۆیان سەرقاڵکردووە.
- ئەبو عمرانی جونی دەڵێت: ئەی خەڵکینە بە مۆڵەتدان ودواخستنی خوایی فریو مەخۆن, چونکە سزاوگرتنی خوا سەخت وبەتینە.
- ئەبو ریاحی قیسی دوای مەغریبان کە ڕێگاکان چۆڵ دەبوو, دەهات ودەڕۆیشت ودەیوت: ئەی شەو ورۆژ تاکەی دێن ودەچن ولەتەمەنم دەخۆن لەکاتێکدا من بێئاگام لەوەی لێم داوا دەکرێت, إنا لله وإنا إليه راجعون..... إنا لله وإنا إليه راجعون.
- پیاوچاکێکی تر دەڵێت: ئەی خەڵکی ئەگەر ئێوەش بێئاگابن ئەوا خوای گەورە بەندەگەلێکی هەیە کە لێی بێئاگا نابن وشەو و ڕۆژ لەپەرستنیدان.

✿✿✿✿✿✿

## وازبــهــێنه لەبێــئاگایــیت

بەڵێ هەرئێستا وازبێنە لەو بێئاگاییەت کە تێیدایت و دوای مەخە بۆکاتێکی تر, چونکە کات بریتیە لە هەناسەو چیتر ناگەڕێتەوە, وە هەروەها تەمەن لەوە بەنرخترە کەبەهەدەر بدرێ وبەفیڕۆ بچێ لە یاری وشتی بێسووددا.

- یەکێ لەپێشینان وتویەتی: شەوو ڕۆژ ئیش لە تۆ دەکەن, دەتۆش ئیشیان تێدا بکە.
- یەکێکی تر دەڵێت: شەوو ڕۆژ سەرمایەی باوەڕدارە, قازانجەکەی بەهەشتەو زەرەر و زیانەکەیشی دۆزەخە.
- یەحیای کوڕی مەعاز دەڵێت: بێئاگایە ئەو کەسەی ڕۆژگارەکانی لەشتی بێ بایەخدا بەسەردەبات, وە ئەندامەکانیشی تووشی نەهامەتی دەکات, دەمرێت وپێش ئەوەی بەخەبەربێتەوە لەوەی کە دەیکات.
- ئەبو عەباسی دەینەوەری دەڵێت: لە دونیادا هیچ شتێك نیە ئەوەندەی کات ودڵ بەڕێز وچاك بن لەکاتێکدا تۆ لە دەستیان دەدەی.
- ئیبراهیمی کوڕی شەیبان دەڵێت: ئەوەی کاتەکانی ژیانی بپارێزێت ونەیفەوتێنێت لەوەی ڕەزامەندی خوای تێدانەبێت دین ودونیای بۆ پارێزراودەبێت.

خوێنەری بەڕێز ئابەم شێوەیە بوو حاڵی پێشینان وەکو ئێمە کاتەکانی ژیانیان بەسەرنەدەبرد, ئەمەش بەلای کەسی ژیرەوە نامۆ نیە, چونکە خودی کات بریتیە لە

تەمەن, وەتەمەنیش گرانبەهاترین کاڵایە لای مرۆڤ, ئەدی چۆن گرانبەهاترین شتت بەبێ سوود لەدەست دەدەیت؟

**نسأل الله تعالى أن يجعلنا من عباده الطائعين, وأن ينجينا من طرق أهل الغفلة الخاسرين, وأن يوفقنا إلى ما فيه الخير والصلاح في الدنيا. آميـــــــن.**

**وآخر دعوانا أن الحمدُ للهِ رب العالمين**

**والصلاة والسلام على الملقب بالصادق الأمين**

## پاشکۆ

# بێ ئاگایی کوشندە

وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە

إدريس محمود

# بێ ئاگایی کوشندە

الحمد لله وحده، والصلاة والسلام على من لا نـبي بعده.وبعد:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ ﴾ ( الأنبياء : ١ ) واتە : لێپرسینەوەی خەڵکی نزیك بووەتەوە لە کاتێکدا (زۆربەی ) ئـەوان بێئاگان وپشتیان لە ئایینی خوا کردووە .

ئەوەی بیربکاتەوە لە حاڵی خەڵکی ئەم سەردەمە ئەوا دەبینێت ئەم ئایەتە بەتەواوی جێبەجێ دەبێت بەسەر زۆرینەی زۆری خەڵکیدا ، ئەمەش بە هۆی پشتکردن لـە ئـایینی خوا و بێئاگابوون لە دوارِۆژ و بێئاگابوون و لە بیرکردنی ئـەو ئامـانج و مەبەسـتەی کـە مرۆڤ لە پێناویدا دروست کراوە ، وەکو ئەوەی کە دروست نەکرابن بۆ خواپەرستی بـەڵکو درووست کرابن بۆ دونیا و ئارەزووەکانی!!!

ئەوانە ئەگەر بیربکەنەوە ئەوە هەر بیر لە دونیـا دەکەنـەوە ، ئەگـەر کەسـێك یـان شتێکیان خۆش بوێت ئەوا هەر لەبەر دونیایە ، ئەگەر کاربکەن هـەر بـۆ دونیایـە ، لـە پێناو دونیادا شەرِ و دەمەقاڵێ دەکەن ، وە بەهۆی دونیـاوە کەمتەرخـەمی دەکـەن یـان بەشێکی زۆر لە فەرمانەکانی خوا وازلێ دەهێنن ، تەنانەت هەندێکیان ئامـادەن لەبـەر کۆبوونەوەیەکی دونیایی یان یاریەکی تۆپێن یان هتد ... نوێژەکـەی ئـەنجام نـەدات یـان دوای بخات و لە کاتی خۆیدا ئەنجامی نەدات !!

هەموو شتێك شوێنی خۆی هەیە لە ژیانیدا ، کار ، وەزیفە ، وەرزش ، بازرگـانی ، گەشتکردن ، خەوتن ، خواردن ، خواردنەوە ، جگە لە قورئان و فەرمانە ئاینەکان نەبێت کە بێ جێگایە و لە دەرەوەی بازنەیە !!!

دەبینیت کەسی وایان تێدایە کە لە کاروباری دونیاییدا زۆر عاقڵ و زیرەکـە کەچـی هیچ سوودێکی لەم عاقڵی و زیرەکیەی خۆی وەرنەگرتووە لە بواری ئاینیدا ،بەڵکو وەکـو کەسێکی نەزان و نەخوێنـدەوار هەنـدێك لـە فەرمانـە ئاینییـەکان جێبـەجێ دەکـات ( ئەویش ئەگەر بیکات ) !!!

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ ﴾ ( الروم : ٧ ) واتە : ئەوان هەر ڕواڵەت لە ژیانی دونیا بەدی دەکەن لە بەرامبەر قیامەتیش بێئاگان .

کەسێك تەماشای ئـەو کەسـانە بکـات کـە چـەند بـە بوێریـەوە سـنورەکانی خـوا دەبەزێنن و تاوان ئەنجام دەدەن لەوانەیە بڵێت: ئەوانە بڕوایان بە دۆزەخ نیـە یـان ئـاگری دۆزەخ بۆ ئەوان دروست نەکراوە !!!

سەرقاڵن بە گرنگیدان بە تەندروستی لاشە و بەختەوەرکردنی بەڵام وازیان هێناوە لە ڕووح و بەختەوەرکردنی!!!

لای کەسی خواناسیش ئاشکرایە کە بەختــەوەرکردنی ڕووح تــەنها بــە خواپەرستی دەبێت ﴿ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴾

ئەو کەسانە کاتەکانیان بە کاری خراپە و سەرپێچی بە فیڕۆ دەدەن ، هــەر ئەمەشــە هۆکاری بێتاقەتبوونیان لە ژیان ،بۆیە نەك بەختەوەرنەبوون بەهۆی ئەو کارانەوە ( وەکــو پێیان وابوو ) بەڵکو زیاتر تووشی و دڵەڕاوکێ بێتاقەتی کردن !!!

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَنْ أَعْـرَضَ عَـن ذِكْـرِي فَـإِنَّ لَـهُ مَعِيشَـةً ضَـنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَـى ﴾ ( طـه : ١٢٤ ) واتــە : ئــەوەیش ڕوو وەربگێڕێــت لــە بەرنامە و یادی من و پشتی تێ بکات ،بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی تــرش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە کوێری حەشر دەکرێت .

ئەو کەسانە زۆرێکیان هەست بەتاوانکردن ( **شعور بالـذنب**) یــان تێــدا نــەماوە ، تەنانەت هەندێکیان پێشیان وایە لەسەر خێر و چاکەن و داکۆکی لــە کــارە پووچــەکانیان دەکەن و پێیان وایە بەهەشت پێش کەسانی تر دەرگاکانی بۆ ئەوان والآکراوە!!!

لەبیریان چووە یان ڕاستتر بڵێین لە بیری خۆیان بردووەتەوە کە ئەوان ڕۆژانە دەیەها و سەدەها تاوان ئەنجام دەدەن لە درۆ و بوهتــان و غەیبــەت و تەماشــاکردنی نامــەحرەم و ڕیش تاشین و ئازاردانی دایك و باوك و دراوسێ و دواخســتنی نوێــژ و نــەگرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان و چەندەها تاوانی ت

ریش کە لای خوا زۆر گەورەن ، بەڵام ئەوان بە سووك سەیری دەکـەن و بـە بچـوکی دادەنێن بێئاگا لەو فەرموودە بەنرخەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویـەتی: **" إیـاکم ومحقرات الذنوب فإنها إذا اجتمعت علی العبـد أهلکتـه "** ( السلسـلة الصـحیحة : ٣٨٩ )

بە ڕاستی مرۆڤی خواناس و ژیر لەو کەسانە سەرسام دەبێت :

ئایا ئەوانە لەو ژیانە پڕ لە تاوانە بێزار نەبوون ؟! ئایـا پرسـیار لـە نەفسـی خۆیـان ناکەن ؟! ئایا ئەو کەسانە بێئاگان لەوەی چی لە پاش ئەو تاوان و گوناهانەوە هەیە ؟!

مردن پاشان گۆڕ پاشان زیندووبوونەوە پاشان حەشر و حیساب پاشان یان سـزای بـە ئێشی خوایی یان خۆشی نەبڕاوەی ناو بەهەشت .

ئایا بۆ چێژ و خۆشیەکی کەم ئەو شتانەت لە بیرکردووە ؟

بەڕاستی ئەگەر حاڵەکەت وابێت ئەوا پێویستە بگریەیت بۆ مردنی دڵت دڵێـك کـە لە بەرد ڕەقترە ،چونکە ﴿ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاءُ ﴾(البقرة : ٧٤ )

وە لە ئاسنیش ڕەقترە چونکە ئاسن لە بەردڕەقیەکـەی کـەمترە وبـەئاگر دەتوێتـەوە بەڵام بەرد کە ئاگرت لێدا پەرت دەبێت و ناتوێتەوە !!

ئای بۆ کەسێکی ژیر بیربکاتەوە و پەند وەربگرێت و خۆی ئامادەبکات بۆ ڕۆژێك

کە چاوەکان تیایدا ئەبڵەق دەبن ، کوڕ لە باوك ، دایك لە منداڵ هەڵدێت خەڵکی لە ترسدا وەکو سەرخۆش وان ئەزانیت بۆ ؟ چونکە لەو ڕۆژەدا هەموو ڕاستیەك ڕوون دەبێتەوە وگوێیان لە سزا و نرکە و ناڵەی دۆزەخ دەبێت بۆیە لە ترسدا نازانن بۆ کوێ بچن، ئای لەو ڕۆژە سەختە( خوایە پەنامان بدە و بمان پارێزە).

خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿ ذَرْهُمْ يَأْكُلُواْ وَيَتَمَتَّعُواْ وَيُلْهِهِمُ الأَمَلُ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴾ **( الحجر : ٣ )** ، واتە: وازیان لێ بهێنە با بخۆن و ڕابوێرن و هیوا و ئاواتیان سەرگەرم و بێئاگایان بکات ، سەرەنجامی خۆیان دەبیننەوە ( چیان بەسەردێت ) .

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەموو موسڵمانێك حەقیقەتی ژیان و ئەو ئامانج و مەبەستە بزانێت کە لە پێناویدا درووستکراوە ؟

أمـا والله لـو علم الأنام | لـما خلقوا لما غفلوا وناموا
لقد خلقوا لما لو أبصرته | عيون قلوبهم تاهوا وهاموا
ممـــات ثم قبر ثم حشر | وتوبيخ وأهـــوال عظام

**بڕواداری خۆشەویستم** : ئەی ئەو کەسەی ئەم نوسراوە دەخوێنیتەوە کەمێك لەسەر دێڕەکانی بوەستە و پرسیار لە نەفسی خۆت بکە و بڕوانە بزانە تۆ چۆنیت لەم ژیانەدا ئایا تۆ لەو کەسە بێئاگایانەیت کە لە سەرەوە باسمان کردن یان نا ؟ وە ئایا تۆ لەسەر

ئەو ڕێگا ڕاستەیت کە گەیەنەرتە بە ڕەزامەندی خوا و بەهەشتەکەی؟ یاخود بە پێی ئارەزووەکانت هەڵسوکەوت دەکەیت و فەرمانە ئاینیەکانت بە لاوە گرنگ نیە؟

وا نازانم شتێکت هەبێ لە نەفست گرنگتر و بەنرختر بێت ، بۆیە خەمی بخۆ و هەوڵی ڕزگارکردنی بدە لە ئاگری دۆزەخ و تووڕەیی خوای بەدەسەڵات .

بڕواداری خۆشەویستم : ئایینی خوا ئاینێکی تەواو و بێ کەم و کورتیە و نابێ بەش بەش بکرێت ، بۆیە پابەندبوون بە بەشێك لە دین و وەلانانی بەشێکی تری نادروستە و هەڕەشەی توندی خوایی لەسەرە ، وەکو فەرموویەتی:﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاء مَن يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنكُمْ إِلاَّ خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ ( البقرة : ٨٥ ) .

موسڵمانی ڕاستەقینە لە هەموو کاتێکدا خوای لە بیرە و پەرستشی بۆ ئەنجام دەدات بە تاك و تەنهایی بە پێچەوانەی کەسانی بێئاگا و نەفامەوە کە هەر لەسەر بەرماڵ یان لە ناو مزگەوتدا خوایان لە بیرە و کاتەکانی تر لە ناو بێئاگاییدا دەژین ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاڵفامی و خراپ تێگەیشتووی ئەو کەسانە ( خوای گەورە لەوانە بەدوورمان بگرێت ) بڕواداری خۆشەویستم : ئەی ئەو کەسەی سەرپێچی خوا دەکەیت تا کەی ئەم بێئاگایی و سەرپێچیە ؟! تاکەی پشتکردن لە ئایینی خوا ؟! ئایا

کاتی ئەوە نەهاتووە دڵە بەردینەکەت نەرم ببێت و لە پەروەردگاری جیهانـەکان بترسـێت !؟

﴿ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَـــا نَـزَلَ مِـــنَ الْحَـقِّ ﴾ ( الحديد : ١٦ ) واتە : ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەوانـەی کـە باوەڕیـان هێنـاوە دڵەکانیان بە نووری ئیمان ملکەچ و ڕووناك ببێتەوە و ترسی خوای تێدا بڕوێنن بە هـۆی یادی بەردەوامی خوا و ئەو قورئانەی کە ڕەوانەکراوە .

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بگەیت بە کاروانی تەوبەکاران ؟! ئایا تۆ لەوان کەمتریت؟! نەخێر . ئایا ئەوەت ناوێت کە ئەوان دەیانەوێت؟

ئایا ئەوان پێویستیان بە پاداشتی خوایە و تۆ پێویستت پێی نیە ؟! ئایا ئـەوان لـە خوا دەترسن و تۆ بەهێزیت و لە خوا ناترسیت ؟! ئایا بەهەشتت ناوێت ؟! بیربکەرەوە لە بینینی خوای گەورە لە بەهەشتدا .

بیربکەرەوە کە تۆ لەبەهەشتدا تەوقە لەگەڵ پێغەمبەری خـوا ﷺ و هاوەڵەکانیـدا دەکەیت ( رضي الله عنهم ) .

﴿ وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَـئِكَ مَـعَ الَّـذِينَ أَنْعَـمَ اللّـهُ عَلَـيْهِم مِّـنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِـكَ رَفِيقًـا﴾ ( النسـاء : ٦٩ ) واتـە :

ئەوەی گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات جا ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن کە خوا ناز و نیعمەتی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان ، ئای کە ئەوانە هاوڕێ و هاودەمێکی چاك و بێ وێنەن !

خەیاڵی ئەوە بکە کە تۆ لە ناو باخەکانی بەهەشتدایت ، ئەو بەهەشتەی کە ڕووباری ئاوو ڕووباری شیر و ڕووباری مەی و ڕووباری هەنگوینی پاڵفتەکراو و چەندین ڕووباری تری تێدا هەیە ، هەر لەو بەهەشتەدا حۆری چاوگەشی تازە سنگ کردووی سپی هەمیشە کچی تێدایە .

بیر لەوەش بکەرەوە کە دۆزەخێك هەیە خوای گەورە بۆ تاوانبارانی ئامادەکردووە کە پڕە لە نارەحەتی و ئێش و ئازار و ئەشکەنجە ( خوا پەنامان بدات ) ﴿ كُلَّمَا أَرَادُوا أَن يَخْرُجُوا مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا فِيهَا وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ ﴾ ( الحج : ٢٢ )

واتە : هەر کە هەوڵ بدەن و بیانەوێت خۆیان ڕزگار بکەن و لەو سزایە هەڵبێن ( بە قامچی و تێهەڵدان ) دەگێڕدرێنەوە ناوی و پێیان دەوترێت : بچێژن سزای سووتان و ئاگر.

وریابە نەکەی بە دونیا و خۆشیە کاتیەکانی هەڵبخەڵەتێیت، چونکە دونیا هەر بەو شێوەیەیە کە خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی کردووە : ﴿وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ

وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُّقْتَدِرًا ﴾ ( الكهف : ٤٥ ) واتـه : ئـەی پێغەمبـەر ﷺ نموونەیان بۆ بهێنەرەوە کە ژیانی دونیا وەك ئەو ئاوی بارانە وایە کە لە ئاسمانەوە

دەیبارێنین و ڕووەکی زەوی بە هۆیەوە بەیەکدا دێن ، لەدوای ماوەیەکی کەم ( هەر

ئەو ڕووەك و گژوگیایە ) دەبێتە پووش و پەلاشێکی ورد و خـاش ، ڕەشـەبا بـەم لاولادا بڵاوی دەکاتەوە ، خوای گەورە هەمیشە و بەردەوام دەسەڵاتی بەسـەر هـەموو شـتێکدا هەیە .

سوێند بە خوا بۆ کەسی ژیر شیاو نیە خەریکی گاڵتە و گەپی دونیـایی بێـت ، لـە کاتێکدا ئەو هەموو نارەحەتیەی قـەبر و قیامـەت چاوەڕێی بێـت ، بـیر لـەو کەسـانە بکەرەوە کە مردن و دونیایان بەجێ هێشت ، سوێند بە خوا تۆش وەکو ئەوان دونیـا بـە جێ دەهێڵێت ، بۆیە وریابە و هەڵەی ئەو کەسـانە دووبـارە مەکـەرەوە کـە بـە خراپـی دونیایان بە جێ هێشت ، چونکە دوایی ئەو سزایەی ئەوان دەیچەژن هەمان سزاش بۆ تـۆ هەیە، خۆت ڕزگاربکە پێش ئەوەی بلێیت:

﴿ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ﴾( المؤمنون :٩٩، ١٠٠ ) واتە : پەروەردگارا بمگێڕەوە بۆ دونیا بەڵکو چاکە ئەنجام بدەم و ئەو هەلانەی لە دەستم چووە لەمەودوا لە دەستی نەدەم .

# کۆتایی

ئەی برِوادارى خۆشەويست : زيرەكبە و برِيارى تەوبەيەكى رِاستەقينە بدە، تەوبەيەك كە فرمێسكى چاو و كولَّەى دلّ و چەكەرەكردنى تۆوى ئيمان و كردەوەى چاكى ئەندامەكانى لەشت رِاستيەكەى بسەلمێنن ، ئاى چەند خۆشە ئەو فێنكييەى لە كاتى تەوبەكردندا بە دلّى مرۆڤدا دێت ، لە پاش تەوبەكردنێكى رِاستەقينە ژيانێكى نوێ دەست پێدەكات ، دلّەكەت بەرگێكى سپى دەپۆشێت ، و نەرم و ناسك دەبێت ، كاتێك منداڵێكى هەتيو ببينيت فرمێسكى بێ باوكى لە چاو دەبارێت ، ئەو كاتە دلّە ناسكەكەت هانت دەدات بەدەستت يارمەتى بدەيت و بەزمانت دلّنەوايى بكەيت و بە چاوت فرمێسكى ميهرەبانى بۆ هەڵبرِێژيت و بەدلّيشت خۆشت بوێت، ئەمەيە ئيمان ، ئيمان هـەر ئەوەنيە تۆ نــوێژ بكەيت( هەرچەندە نوێژ زۆر گرنگە ) بەڵكو ئيمان دەيەها بەشى هەيە ، بۆيە با لە پاڵ ئەوەى نوێژيش دەكەين با يارمەتى هەتيو و بێوەژن و هەژار و نەخۆشەكانمان لە بيرنەچێت ئەگەر بە لەتە خورمايەكيش بێت .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ